Kurdistannet کوردستان نێت

# کـــارەســـــاتـــەکـــان:
# لــە لاوانــدنــەوە بــۆ خــوێــنــدنــەوە

﴿ هیچ نەتەوەیەك پاش کەوتنی ناتوانێت هەڵسێتەوە، ئەگەر با ئاگری ئازار و مەینەتی خۆی پاك نەکاتەوە.﴾
(مهماتا گاندی)

شێرزاد عومەر/ ardasher21@hotmail.com

کاتێك دونیای رۆژئاوا بۆی رۆن بۆوە کە لە رۆژهەلاتی ناڤین تاکە هاوپەیمانی نەتەوەیەکی پارچە پارچە کراو و بێ وڵاتە، هەر زوو هات و بنکە و بارەگا و تەواوی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەو وڵاتەوە خستە گەڕ و هەر لەوێوەش هەنگاو دەنێت بۆ بە دیموکراتی کردنی ئەو ناوچەیە، لەو کاتە وڵاتە کۆنە پەرستەکانی عەرەب و هەموو ئەوانەی کە کانگای تیرۆر و دالدەی تیرۆریستانیان دەدا، بە هاتنی هێزی دیموکراتخواز و بە مەدەنی و دیموکراتکردنی ناوچەکە قەلْزبوون کە نەیانتوانی هیچ کاردانەوەیەکی ئاشکرای سلبی لەبەرامبەریدا بنووێنن بۆیە هاتن بە کارە هەرە ژێر پەردەییەکانی لە چەشنی رەشەکوژی و هاندان بۆ تیرۆر و تەقاندنەوە و ئەم شتانەیان خستە بەرنامەی کاریانەوە، پرۆسەی ئازادی عێراق ئەگەر لە هەموو روانگەکانەوە ئارمانجی خۆی پێنەکا بێت، ئەوا توانیویەتی ئەو دوا پێگە عەقلیەتە شۆڤێنیە بەسەرچووەی حوکمی خەلافەت بۆ هەتایە بخاتە زبڵدانی مێژووەوە کە سەدام و بەعسیەکان رابەرایەتیان دەکرد، لێدانی ئەو قیەمە بۆ عەرەبەکان پڕ مانادار و گرانبەها بوو، هەر لەو لەحزەیەی کە پەیکەر و رەمزی دیکتاتۆریەت لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە گۆڕەپانی فیردەوس روخێندرا لە کەناڵی(العربیە)ی شۆڤێنیست(لێکۆڵەرەوەیەکی سیاسی و سەربازی عەرەبی) لە جوانترین دانپیانانی گوتی(هذه اکبر هزیمة للعرب) کەوابوو روخانی سەدام و رژێمەکەی سەرەتای ئەو رووخانە مەزنە بوو بۆ عەرەبەکان کە ئێستا رۆژانە ئەم رووخانە ئیتری بەدواوە دێت، لەبەرامبەر ئەمەشدا عەرەبە شۆڤێنیستەکان ئەوانەی کە ئێستاش خەون بە گەڕانەوەی سەردەمی زێڕینی(فتح و فتوحات) و غەزا و تالان و برۆی میللەتان دەبینن و ئێستاش خۆیان بە(و أخرجنا خیر أمة للناس) دەزانن و کار گەیشتۆتە ئەوەی ئەوان خۆیان لە هەموو میللەتان بە ئاقڵتر و بە زاناتر بزانن و واشی

دابنێن كه ئەوان سەرچاوەی هەموو زانین و مەعریفه و زانستێكن و پێش هاتنی دینی ئیسلامیش مرۆڤایەتی لە بەستەزمانی و جەهالەتی ژیاوە، پرسیاری هەرە سەرەكی لێرە ئەوەیە: *بۆچی عەرەبەكان ئەمڕۆ لە بەرەی تیرۆرن..؟ ئایا دەقە پیرۆزەكان بە گشتی هاندەری توند و تیژی و تیرۆرن..؟ ئایا عەرەب لەگەڵ ئەو دونیا تازەیە ناتوانێ خۆی بگونجێنێ و لەگەڵ ئەو گۆڕانكاریە نوێیانە یەكناگرنەوە و ناكۆكن..؟ ئەو لێدانە كوشندانە چین بە مێژووی عەرەب دەكەوێت و كۆمەڵگای عەرەبی بەرەو چ ئاراستەیەك مل دەنێت..؟ ئایا مۆشی دایانا پێشبینیەكانی راست دەرچوون لەبارەی گەڕانەوەی عەرەبەكان بۆ شوێنە ئەسڵەكەی خۆیان كە كاتێ گووتی(یا عرب عودوا الی الصحراء).
بەهەر حاڵ دەمەوێت لە سۆنگەی ئەو گەڕانەوەیە بۆ رابردوو كەمێك لەو داهاتووە تاڵە بدوێم كە ئیمڕۆ ئێمەی كورد چارەنووسمان هاوبەشی وەها دڕندەیەك بۆتەوە و لە خاك و ئاو و هەوای وڵاتی خۆمان لێمان بوونەتە برا بەش و لەم پێناوەش رۆژانە عەرەبەكان بۆ دەرچوون و نەبینینی كۆمەڵگای دیموكراتی و مودەنی و لەوداخانە دێن بە دەیان و بە سەدانیان رۆحی ناپاكیان رەوانەی دۆزەخدەكەن و لە چالاكیە خۆكوژیەكانیاندا.

ئەم دوو كارەساتە دڵتەزێنەی بەم دواییەی شاری هەولێر وەنەبێ تەنها كار و چالاكیەكی خۆكوژانەی رووت و رەجاڵی ئەو گروپە تیرۆریستیانە بێت بەڵكو كۆمەڵێك مانای گەورە هەڵدەگرێت و كۆمەڵێك پرسیاری گەورەش دەوروژێنێ: بۆچی هەولێر ئامانجە بۆ كارە تیرۆریستییەكان..؟! بۆچی كەوادیری پارتی و یەكێتی لە بەرنامەی بەردەوامی ئەو رێكخراوانەن بۆ تیرۆركردن..؟ بۆچی لە ئاستێكی وا گەورە و بە رێژەیەكی وا زۆر و بەو چەشنە فراوانە كاری تیرۆریستی لە شارەكانی تری كوردستان بە تایبەتی(سلێمانی و دهۆك) ئەنجام نادرێن..؟ بۆچی لەدوای هەموو ئەو كارەساتانە وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتیەكانی هێزی ناوەخۆ دەست لەكار ناكێشنەوە..؟! چ بكرێت باشە بۆ بنبڕكردنی چالاكیە خۆكوژی و كارە تیرۆریستییەكان..؟؟!

ئەمانە هەموو ئەو پرسیارگەلانەن كە رۆژانە لە مێشكی مرۆڤی ئێمەی كورد لە شاری هەولێر دەخولێنەوە، دەكرێ بەو چەند خاڵە دەرئەنجام بدەین بەدەست و ئەو ئەنجامەی گەرەكمانە بیدۆزینەوە:

*هەولێر بنكەی جوڵانەوەی سیاسی كوردی نەك هەر بەتەنا چوار پارچەی كوردستانە بەڵكو كوردانی هەموو دونیایە.

*هەولێر جیا لەشارەکانی تر وەکو پایتەخت ئەو شوێنەیە کە بڕیارە سیاسیە گرنگەکانی لێیەوە دەردەچێت، و بووەتە ئارامگای هاوپەیمانان و تا دەگاتە هێزە عەرەبیەکانیش ئەوانەی ناوێرن بۆ تاقە شەوێکیش لە بەغداکەی خۆیان بخەون.

*بە بۆچوونی ئەو گروپە تیرۆریستانە پارتی و یەکێتی داروودەستەی هێزی کوفر و داگیرکەرن و ئەوان مزگەوتەکان دادەخەن و ئەوان هاوکاری جوولەکەکان دەکەن و ئەوان موسڵمانان(برای دینی) دەکوژن لەسەر بیری نەتەوەیی و عەلمانی، ئەوە هەموو ئەو بۆچوونە بۆگەنانەی ئەو گروپە تیرۆریستانەیە کە بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانیشیان پشت دەبەستن بە کۆمەڵێك دەقی پیرۆزی وەك: (و من یتولی منکم و هو منهم)،(من تشبه بالقوم فهو منهم)،(و من ثقفتموهم فقتلوهم حیث ما أقتلکم)،(ولا تولوا أتبارکهم). ئیتر ئەوان تەواوی ئەو مێشکە سادانە بەو دەقە پیرۆزانە دەشۆنەوە بۆ کاری خۆکوژی و بیری بۆگەنی خۆیان، کەواتە وێناکردنی کافرەکان و سەردەمی شەڕی قوڕەیش و عەرەبە بڕوادارەکان بە ئیسلام و بیری مەزنخوازی و فراوانخوازی لای عەرەبەکان.

*پێش کارەساتەکان شار ئارامە و ئامادەباشی ئەوتۆ و زانستی هیچ وجودی نیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی کارە تیرۆریستییەکان.

*کە حکومەت لەوە دڵنیایە کە هێرشی لەناکاوی نامەردانەی تیرۆریستی لەسەرە ئایا چی کردووە تا ئێستا بۆ رووبەڕووبوونەوەی..؟

*هاتنی عەرەبەکان بە خۆیان و ئۆتۆمبێلەکانیان بۆ شاری هەولێر چ ئاکامێکی لەدوادا دەبێت..؟

*هێنانی شت و مەك لە رێگەی گەراجە گەورەکانەوە لە وڵاتانی دراوسێ و بێ پشکنین تاوەکو شاری هەولێر چ سلبیاتێکی لەدوادایە..؟

*تاکەی رێگە بدرێت عەرەب بەو ژمارە زۆرەی روو لە کوردستان بکات کە لەکاتێکدا ئێمەی کورد نەك بە جل و بەرگی کوردی بەڵکو بە سەروسیمای کوردیش ناتوانین بۆ نزیکترین شاری عەرەبی بڕۆین..؟

*ئاسایش و هێزی ناوەخۆی ئێمە ژمارەیان چەندە و چەندیانن رۆژانە بە نهێنی و بە مەدەنی و بە جل و بەرگی نیزامی لە شەقام و کۆڵانەکان ئەمن و ئاسایشی ئەو شارە دەپارێزن..؟

*ئەندامانی هێزی ناوەخۆی ئێمە خاوەنی چ ئاست و پلەیەکی رۆشنبیری ئەمنین، بۆ ناسینی خەڵکانی گومانلێکراو..؟

*ئایا بازگەکانمان زانستین لە رووی راوەدوونانی تیرۆریستان و دانانی بازگە و کۆنترۆلی لەناکاو و لە شوێنی جیا جیامان چۆن و چەندە..؟

*بازگەکان کە بازگەی(فەرموو..برۆ..لە کوێ هاتی.. سەرچاو..هەویەکەت) بێت، ئەی کوا پشکنین، کارمەندانی ئەو بازگانە ئەوەندە شەرمنن بەرامبەر بە ئۆتۆمبێلێك کە خێزانێکی لەگەڵدایە واتا ئەگەر لەژێر کورسیەکەی ئەو خێزانە بۆمبی ئەتۆمیش هەبێت ئەوان شەرمیان هەیە بیپشکنن..پرسیارەکە لێرە ئەوەیە ئایا چ جادوێك لەژێر گووتنەوەی ئەم وشانەی سەرەوە هەیە بۆ ناسین و کەشفکردنی تیرۆریست و تاوانبار و گومانلێکراوەکان..؟

*دەروازەکانی شار دوای شەڕی(خەندەق)ی تیرۆریستان، توانرا کۆنترۆڵ بکرێت.. دەروازەکانی شار چ جۆرە پشکنینێکی تیادا دەکرێت، ئایا پسپۆری ئەکادیمی و ئەمنی تایبەت سەرپەرشتی دەکات یانیش نەخوێندەوار و..هتد..؟؟!!

*ئەو بەرنامە نوێیانە چین بۆ تەسقیفکردنی کارمەندانی هێزی ناوەخۆ..؟

*بۆچی خەڵك هاوکاری هێزی ناوەخۆ ناکات..؟ لەکاتێك خەڵك وا دەبینن ئاسایش و پۆلیس دام و دەزگایەکی تۆقێنەرە و خۆی خۆی تەقویە دەکات و خاوەنی هەزاران کارمەندە و بەو جۆرە پێویستە پێشوازی لەو کەسانە ناکات کە زانیاریەك بەو دەزگایانە دەدەن.

*لەدوای روودانی هەر کارێکی تیرۆریستی وەك هەموو ئەو رووداوانەی کە لە شاری هەولێر روویاندا، حکومەت دەستە وەستان ما ووەکو پیشەی هەمیشەی دەستی بە رەشبگیری هەموو ئەو کەسانە کرد کە پێش چەندین ساڵەوە تا رۆژانی ئەمڕۆ لە گروپێکی توندڕەوی ئیسلامی ئەندام بوونە، ئەی بازرگانەکان، ئەی ئەوانەی لەژێر ناو و ناونیشانی جۆراوجۆر خۆیان شاردۆتەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە نەکرا، ئایا رۆژێك لە رۆژان لە خوتبەی مەلایەکیان پرسیەوە کە بۆچی وا توندڕەوە، یان لە رۆژنامەی حزبێکی ئیسلامیان پرسیەوە کە وا توندڕەوە، یاخود لە نووسەری کتێبێکی سەلەفیان پرسیەوە کە بۆچی وا توندڕەوە، ئەمانەن تیرۆر بەرهەم دێنن، ئەمانەن دەبنە گەرای(تیرۆر).

*لەدوای ڕوودانی کارەساتەکان باری ئەمنی ئەوەندە توندوتۆڵ دەبێت کە وێنەی ناتبێت هەتا چوار پێنج ڕۆژ دوای ڕووداوەکە ئینجا لەبیر دەکرێت و دووبارە وەکو پیشەی هەمیشەییان وەزعەکە شل دەکەنەوە و سست دەبنەوە لەو توندیی ڕاگرتنەی وەزعی ئەمنی.

*هەرچەندە ناکۆکی و دووبەرەکی بکەوێتە ماڵی کوردەوە دە ئەوەندە دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان و تیرۆریستەکان سوودمەند دەبن لەو درزە لە دیواری ماڵی کورد و هاتنە ژوورەوەیان پیایدا. کەوابوو هەنگاوی یەکەم بۆ بنبڕکردنی تیرۆر و ڕێگری لەکارە تێکدەرییەکان و ڕاوەدوونانی تیرۆریستان، یەکخستنی ماڵی کوردە، یەکدەنگی کاروچالاکی و جوڵانەوەی سیاسی کوردە، کوردپەرستی‌یە، بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی‌یە پێش حزبایەتی، ڕێزگرتن لە بیروڕای یەکتر و قەبوڵ کردنی یەکتر بێ جیاوازی بیروڕایە.